## گۆڤاری کوردستان

لە ماوەی حوکمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) دا جگە لە "رۆژنامەی کوردستان" ــ کە حەوتووی سێ جار لە مەهاباد دەردەچوو،چاپەمەنییەکی دەورەیی تر هەر بە ناوی "کوردستان" لە مەهاباد دەردەچوو، کە مانگانە بووە و ئێمە ئێستا بەناوی "گۆڤاری کوردستان"ەوە دەیناسین. من زانیارییەکی زۆرم لەسەر ئەو گۆڤارە نییە و ئەوەندەی بزانم سەرجەم ٩ ژمارەی لێ دەرچووە و بڕیارە بنکەی ژین لە سلێمانی سەرجەم ژمارەکانی سەرلەنوێ چاپ بکاتەوە. لەم دواییە دا رێزدار حەسەنی قازی کۆپی چوار ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەی بە ئیمەیل بۆ ناردووم کە گەلێک بابەتی سەرنجراکێشیان تێدایە. دەگوترێت کە سەرنووسەری گۆڤارەکە، نەمر عبدالرحمان زەبیحی (بێژەن) بووە.

لەو چوار ژمارەیەی بەردەستی مندا گەلێک بابەت هەن کە پەیوەندی بە بۆکانەوە پەیدا دەکەن من لێرەدا لیستەیەک لەو بابەتانە پێک دەهێنم (بە ڵام رێنووسەکەی ناگۆڕم).

کوردستان : بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردوستان

(گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی، سیاسییە)

هەر پازدە رۆژ جارێک * بڵاودەکرێتەوە

ژمارە ١؛ ساڵی یەکەم، ١٥ سەرماوەز ١٣٢٤، ٦ی دسامبر ١٩٤٥، لاپەڕە ١١، حیزبی دیموکراتی کوردوستان

لەدوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەل وەر(آبان)ی ١٣٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد داندراو بەیان نامەی خۆی بڵاوکردەوە لە رۆژی ٢ ــ ٨ ــ ١٣٢٤ دا هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بوو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرۆ تەشکیل دا : ..... ٨- بۆکان : آغای عبدالرحمن شرفکندی، آغای رشید عەلیزادە ........ لەم کۆنگرە دا هەموو لکەکانی حزبی دیموکراسی کوردوستان تصویب کرا و نوێنەری تایبەتیان بۆ داندرا و هەرییک لە جی ی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد و هەژار هۆنەری جوانی کوردستان ئەم شیعرانەی خوارەوەی کە باسی دیموکرات دەکا خوێندەوە.....

ژمارە، ٢، ؟. ، ؟ ، ؟ **

ل ٦: شیوەنم بۆ وەتەنە، شیعری خالد حسامی (شێواو)

ل ٧: جێژنەی نصب کردنی تابلۆی کلوپی حزبی دیموکراتی کوردستان لکی بۆکان

رۆژی چوارشەمۆ ٢٨ ــ ٩ ــ ٢٤ [= ١٩٤٥/١٢/١٩]

ل ٩: ئەی دایکی نیشتمان، بە قەڵەمی ع . خ [عەلی خوسرەوی؟]

ل ١٤: فرمیسکی هەتیو، شیعری هەژار

لاپەڕەی کۆتایی: هەڵکرانی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە ....[بۆم نەخوێنرایەوە]

ژمارە ٣، ساڵی یەکەم، مانگی خاکەلێوە، مارس ١٩٤٦

ل ١٣ تا ٢٦ شیعری سیف القضات

ل ٣١ تا ٣٢ یا وطن یا مردنم، شیعری محمد گڵۆڵانی – عطری

ل ٣٤ تا ٣٥ سۆزەی دەروون، شیعری محمد گڵۆڵانی – عطری

(خەراجاتی دو زوڵفی تۆ ئەرێ ماچینە یا چینە؟....)

ل ٣٥ وەرگەڕاوە لە دوو شعری عەرەبییەوە بە کوردی : ئەمجەد عوسمانی

کە نووکی رم لە مەیدا نا لە سینەم چەسپ و جێگیر بوو

کە قەترەی خوێنی من دەتکا لە شمشیر، یادی تۆم بیربوو

وەکوو بەرقی ددانی پێکەنینت شوعلەیەک لێی دام

تەواو پێم خۆش بوو ماچی کەم، کە روانیم بەرقی شمشیر بوو.

ل ٣٦ دیاری خێروێژ [ شیعری میرزا عەلی سەمیمی (خێروێژ)]

شوکر بە کوردان ئازادی دریا

ئاڵای سەربەرزی بەخێر هەڵکریا ...

ئەم شیعرانە، برایەکی جنووبی کە بە ئاوری نیشتمانپەرستی دڵی کوڵیوە و بە خوێناوی چاو نووسیویەتی

ژمارە ٤، ساڵی یەکەم، مانگی بانەمەڕ، مە ١٩٤٦

ل ١ شاعری میبلی بەناوبانگ حضرت ابولحسن سیف قازی (بە هۆی ٧٢مین ساڵی لەدایکبوونی): سید محمد حمیدی

ل ١٨ و ١٩ بۆ جێژنی سیدان ٢٤/١١/٩ – شێواو [خالید حیسامی]؛

کوانی دوژمنانی خوێن خۆر با بێنە سەیری بەزمم

کوێرایی چاوی وانە شادی و سوبات و عەزمم

ل ٢٠ جووتیاری بە مشوور، شیعری هەژار، لە چێژنی ١٨ ساڵەی هوردووی سوور لە مەهاباد خوێندراوەتەوە:

بیست و هەشت سالێ لەمەوبەر لێنین

که به سەد قەدرەوە نێوی دێنین ...

ل ٢١  تیشکی سەربەستی وەدەرخست، شیعری محەمەد گڵۆڵانی – عطری

تاکو کەنگێ من بناڵم بەو هەناسەی سەردەوە؟

تاکو کەنگێ لێوبەباری بەو دڵەی پڕدەردەوە ؟

ل ٢٢  دەکا پیرۆزی سەربەستی، محەمەد عطری گڵۆڵانی

بەرت چەندخۆشە سەربەستی! ببی پیرۆز، چ دارێکی!

---

پەراوێز

* لە ژمارە ٣ و ٤ دا نووسراوە هەر مانگی جارێک بڵاو دەکرێتەوە

** لاپەڕەکانی سەرەتا و کۆتایی ژمارە ٢ ناخوێنرێنەوە.